# خوای گەورە لەم سێ شتەتان ڕازییە، وحەز ناکات لە سێ شتتان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لەم سێ شتەتان ڕازییە، وحەز ناکات لە سێ شتتان، ڕازیە لەوەی: بیپەرستن، وبە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وهەمووتان پێکەوە دەستبگرن بە پەتی (ئاینی) خودا وناکۆك مەبن، وحەز ناکات لە: ووتی ووتی (قسەی زۆر)، وزۆر پرسیار کردن، وبە فیڕۆدانی پارە وسامان».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە خوای گەورە سێ سیفەت وکردەوەی بەندەکانی پێ خۆشە، وڕقی لە سێ سیفەتیانە، پێی خۆشە: بە تەنها ئەو (الله) بپەرستن وبە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، وهەموویان تەنها دەست بگرن بە پەیمانی خودا (ئاینی خودا) -قورئان وسونەتی پێغەمبەرەکەی-، وجیا نەبنەوە لە کۆمەڵی مسوڵمانان. وپەروەردگار ڕقی دەبێتەوە: لە قسەی ناڕەوا وبێ سوود وقسەیەك پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبێت، ولە پرسیارکردن سەبارەت بە شتێك کە ڕووی نەداوە -یان مەحاڵە ڕووبدات-، یان لە داواکردنی پارە وشتی تر لە خەڵکی؛ ئەگەر پێویست نەبێت، ولە بە فیڕۆدانی پارە وسامان وخەرجکردنی لە ڕێگایەکی ناشەرعیدا یان تووشی لەناوچوونی بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66236

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee